www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا  7-10-2006 7:11

# دادگا ... ئاسۆ شێخ کەمال

ئەمرۆ هاتوم
بە (182) هەزار چڵە نێرگزی ئەم خاکەوە
(5) هەزار گوڵە بەیبونی هەڵەبجەو
(8) هەزار خەندەی منالانی بارزان و
(3) هەزار دڵۆپە ئاوی ئەڵوەنم
بە نێو (5) هەزار مزگەوت و
(5) هەزار قوتابخانەوە
خۆم گەیاندۆتە ئێرە
تا روبەرو سەیری چاوی درندەکەم
ئەمرۆ هاتوم سەیری ناموسی ئێوەکەم
چۆن وەك جۆگە
نەخێر وەك (شگ) لێتان دەرژێ
ئەو ناموسەی وەهم بۆی دروستکردن
من نەهاتوم تا پێناسەی ئێوە بۆگەل بکەم
دوا منداڵی وڵاتەکەم دەتانناسی
بەڵکو هاتوم
لەتەویڵی شەرمەزاریتان بروانم
گەرچی ئێوە نەوەی مرۆڤ نین
تاهەست بەشەرمەزاری بکەن
ئەمرۆ هاتوم
بەمنداڵەکانی نوگرە سەلمانەوە
بەکیژەکانی عەرعەرو
پێڵوە نیشتوەکانی بیابانەوە
هاتوم
چیرۆکی خوێن بگێرمەوە
تاکو چیتر منداڵەکان بێناز نەبن
بەم تراژیدیایە
رەشپۆش لە گەرمیانا ناهێڵم
منداڵانی هەڵەبجە فێری سەمای شادی ئەکەم
بالیسان دەکەمە بەهارو
بارزان جی ژوان و
سێوسێنان نزار و
بەرواری باڵاش پەپولە
ئەمرۆ هاتوم
ئەو منداڵانە ناو دەنێم

بەپارچە پارچەیی لەدایك بون لەدوای ئەنفال
یەكیان ناوی ئازادە
یەكێكی تر سەربەرز
ئەوانی تر
ئاڵاو كوردستان و گوڵزار
دواهەمینیشیان ناو دەنێم ئاب
ئەو ئابەی كەزۆرداران تێیدا ریسوان
هاتوم بڵێم
ئەو رۆژەی كە ئێوە هاتن
هەرچی تۆپ و تەیارەو ژار هەبو
لەگەڵ خۆتانا هێناتان
لەشكرێكی درندەتان
بەردایە گیانی منداڵ و كەناری و پاساریەكان
ئێوە هاتن
چاوتان رەش و
دڵتان رەش و
بیرتان رەش و
رەنگتان رەش و
فرۆكەتان رەش و
نیازتان رەش و
دوكەڵی بۆردومانەكانیشتان هەر رەش بو
ئێوە هاتن
دەیان هەزار گورگی رەش بون
بە پۆستاڵی رەش
شەقتان لە قورئانەكان ئەداو
بەدەمی رەش تفتان لێئەكردن
بەدەستی رەش
مەزارە پیرۆزەكانتان هەڵتەكاند
بەبریاری بروسكەی رەش
مزگەوتەكانتان روخان
بەڵام ئەمرۆ وامن هاتم
هەر خۆم تەنیا
بەجەستەیەكی سوتاو و برژاوی ژاراویەوە
تەنها و تەنها
خۆم و ویژدانی مرۆڤایەتی
هاتوم بەبی لەشكر
بەبی چەك و تەقەمەنی
تەنها جەستەم دەخەمە رو

هاتوم وێنەی گۆرەکانتان پێنیشان دەم
ئەو گۆرانەی پڕاو پڕتان کرد لە منداڵ
لە پیر و جوان و مەمکە مژە
هاتوم جلوبەرگە دراوەکانی
نێو چاڵەکانتان پێنیشاندەم
ئەو کۆرپانەتان نیشاندەمەوە
بەر لە هەژدە ساڵ
دەمیان بە گۆی مەمکی دایکیانەوە بو
بەڵام تێریان نەخوارد
کەزیندە بەچاڵ کران
هاتوم بەرگی ئەو کیژانەتان بێنمەوە بیر
بەر لە وشکبونەوەی خوێنەکانیان
خۆڵتان بەسەرا داباران
واتانزانی ئابروی کوردی پێ هەتك دەکەن
نەتانزانی بێ ئابرویی خۆتان
نیشانی هەمو جیهان ئەدەن
بەڵی هاتوم
تائامۆژگاری هاوشێوەکانیشتان بکەم
پێیان بڵێم
هەمو سەرەتایەك کۆتایی دێت
هاتوم بە پەیامی مەسیحەوە
سوێند بەقورئان ئەخۆم
پاش فرێدانی کەلاکەکانتان
ئیدی لە مێژو دەرتان دێنم
لە بیرەوەریەکانما فرێتان ئەدەم و
ناوتان لەلای نەوەی نوی دەسرمەوە
من نامەوی کۆرپەکانم
ناوی درندە بزانن
نامەوی پەرتوکەکانم
بەناوی ئێوە پیس بکەم
نامەوی پەپولەکانی دوارۆژم
بەدرندەیی ئێوە ئاشنابن
نامەوی ناوی ئێوە
تێکەڵ بەمێژویەك بکەم
کەڵەسەرکردەی کوردی تیایە
نامەوی ترسنۆکی ئێوە
تێکەڵ بە مێژوی هەڵۆکانم بی
چونکە ئێوە زۆر قێزەوەنترن

لەوەی پێنوس پێتان دەڵی
لەوەی زمان باستان دەکا
لەوەی دادگا بانگتان دەکا
من دەمەوی
لە مرۆ بەدوا
مێژوی من یەك دیوی هەبێ
ئەو دیوەش باس
لەخەندەی کۆرپەلەکان بکا
برۆن ئێوەش بەرەو دۆزەخ
نەفرەت لە خۆتان و
لەمێژو و کردارتان بی
نەفرەت لەوەش کەدوای خۆتان وەك سەرکردەو
وەکو مرۆڤ ناوتان دێنی